IB - SAIWANI

IB-Saiwani Beratender Ingenier

Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

Statik | Planung | Bauleitung | Gutachten

## پێویستیەکانی بواری بیناسازی لە کوردوستان و باکووری عێراق

مەبەست لەم باسە ئەوەیە، کە هەوڵ بدرێت پێویستی بیناسازی تا ساڵی 2015 لە باکووری عێراق بە پێی مەرجی دابین کردنی بوودجەکەی، پێشبینی بکرێت.
پێویستی بیناسازی، هەموو جۆرەکانی و هێزی کار ئەگرێتەوە، کە بۆ بینا دروووستکردن پێویستن. هەروەها پێویستی هێشتنەوە و چاککردن و تەرمیم کردنی بینای دروووستکراو و دروووستکردنی بینای نوێ ئەگرێتەوە.

پێویستی بیناسازی کاتێک دێتە کایەوە، کە بڕی بینای دروووستکراو بە جۆر و بە هەند بۆ پێکانی ئامانجەکان و بە پێی ستاندەردەکان، بەش نەکات، یان کەم بهێنێت.
پێویستی بیناسازی لە هێزی کار ناتوانرێت بە ئاسانی دیاری بکرێت، چوونکە بە بەردەوامی ئەگۆڕێت و لە گۆڕاندایە و لە ناو کۆمەڵگا دا بە بێ گیروگرفت پڕ ناکرێتەوە. ئەم پێویستییەش زیاتر لە لایەن دەزگاکان و ڕێکخراوەکانەوە پۆلێن ئەکرێت و بەسەر کۆمەڵدا دابەش ئەکرێت. دابەش کردنەکەش بە پێی ئەولەویەت و بە پشتبەستن بە فۆڕمی ئامادەکراو جێبەجێ ئەکرێت.

دۆزینەوەی پێویستییەکانی بیناسازی لە باکووری عێراق تا ساڵی 2015 ، واتە لە ساڵی 2003 ەوە [بۆ ماوەی 12 ساڵ] لەم باسەدا ئەخەملێنرێت و پشت بە هەندێ سەرچاوەی فەرمی و ڕەسمی ئەبەستیت، کە لە ڕاستی و دروووستییان ناکۆڵرێتەوە.
باسەکە پێویستییەکانی دوای ساڵی 2015 دیاری ناکات.
ساڵی 2003 وەک ساڵی دەستپێک و سەرەتا بۆ ئەم خەمڵاندنە دیاریکراوە، چوونکە لەم ساڵەوە توانای بە داتاکردنی زانیارییەکان لە لایەن دەزگا ڕەسمی و حکومییەکانەوە دەستی پێکردووە و ئاشکراکردنی ئەم زانیارییانەش بووەتە کارێکی ڕۆژانە و ئاسایی. توانای دەستکەوتنی ئەم زانیارییانەش لە لایەن نووسەر و لێکۆڵەرەوە کارێکی ئاسانە، بە تایبەتیش کە ڕاگەیاندنەکان و تۆرە ئاسمانی و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ڕۆڵێکی یەکجار گەورە ئەبینن لە ئاشکراکردنی ئەم زانیارییانەدا.

لە لایەکی ترەوە سەرنج وتێبینییەکانی خۆم وەک ئەندازیار لە کاتی گەڕانەوەکانمدا بۆ ووڵات و ووردبوونەوە لە شێوەی گەورەبوونی شارەکانی کوردوستان و باکووری عێراو لە ڕووی پلاندانانەوە، کارئاسانییەکی چارەڕوانکراو بوو بۆ ئەنجامدانی ئەم باسە.
باسەکەش دەست پێئەکات بە مێتۆدەکانی دیاریکردنی پێویستی بیناسازی بۆ بینای دروووستکراو و بینای نوێ.

1. **پێویستی بیناسازی بۆ بینای دروووستکراو Preservation Need**
2. **پێویستی بیناسازی بۆ دروووستکردنی بینای نوێ Extension Need**

بۆ خاڵی یەکەم، پێویستی بیناسازی لە داڕمان و لەبەکارکەوتنی بینای دروووستکراو دا دەرئەکەوێت، لە کاتێکدا کە ئەم پێویستیانە بەهۆی تەرمیم کردن و نوێ کردنەوەوە دابین بکرێن. ئەم پێویستییانەش لە ئەنجامی خەملاندنی ئەو بینایانەی کە پێویستییان بە نوێژەنکردنەوە هەیە دێتە دی.

بۆ خاڵی دووەم، پێویستییەکان لە ئەنجامی خەملاندنی بڕی ئەو بینایانەی کە لە ئێستادا دروووستکراون و بڕی ئەو بینایانەش کە بۆ بەکارهێنان لە داهاتوودا پێویستن، دێتە دی.

ئەو زانیارییانە و ڕێنماییانەی کە پشتیان پێبەستراوە بۆ ئەم خاملاندنە، بریتین لە:

- بڕیار و ئامانجی سیاسی
- بڕیاری یاسایی
- پلانی سیاسی کە لە ساڵی 2003 دا درابوون و کاریان پێکراوە

بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بەشەکانی کۆمەڵ لە خزمەتگووزارییە جیاوازەکان و پێویستییان لە کارووباری بیناسازی و بینای پێویست جیاکراونەتەوە. بەسەکانیش بریتین لە:
سێکتۆری ژینگە، سێکتۆری ڕێگاوبان، سێکتۆری ئابووری، سێکتۆری ژێرخانی ئابووری، سێکتۆری نیشتەجێبوون، سێکتۆری ووزەوکارەبا، سێکتۆری ئاو، سێکتۆری بێتەل و ڕاگەیاندن و هەندێکی تر.

Saiwani

به پیی ژمارەی دانیشتوانی عێراق کە لە ساڵی 2015 دا ئەبێت بە نزیکەی 10.11 ملیۆن کەس، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە سەروو 60 ساڵەوەیە بەرز ئەبێتەوە بۆ نزیکەی 33% دا، دانیشتوانەکەشی لە نزیکەی 1.6 ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوون دا گووزەران ئەکەن. بە پیی ئەم خشتەیە ژمارەی دانیشتوان زیاد ئەکات:

| ناوی شار | **ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی دا2003** | زیادکردنی ساڵانەی دانیشتوان بە % | زیادکردن لە 12 ساڵی داهاتوودا | **ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی 2015 دا** |
|---|---|---|---|---|
| Mosul | 2700000 | 3,29 | 39,43 | 3765150 |
| Kirkuk | 900000 | 2,35 | 28,23 | 1154070 |
| Slemani | 1700000 | 3,97 | 47,67 | 2510390 |
| Hawler | 1400000 | 1,65 | 19,77 | 1676780 |
| Duhok | 820000 | 1,90 | 22,80 | 1006960 |
| **Sum:** | **7520000** | - | - | **10113350** |

زیادکردنی ڕێژەی دانیشتوان بە پێی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی خەمڵێنراوە کە ڕێژەی زیادبوونەکە بە **2%** بۆ هەر ساڵێک وەک بنەما تا ساڵی 2015 دائەنێت.

ڕێژەی بەرهەمهێنانی وولات لە **ساڵی 2003 دا بە 34 ملیارد دۆلاری ئەمەریکی** جێگیر کراوە. بۆ ئەم مەبەستە **28%** ی بۆ باکووری عێراق [پێنج شارەکە] تەرخان کراوە کە ئەکاتە **9.52 ملیارد دۆلار**. ئەو ڕێژەیەش بۆ ساڵی 2003 ئەکاتە **25%** ی ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئیجمالی وولات.
دوای 12 ساڵ: **12 x 9,52 x 0,25 = 28,56 US $** کە پێویستە تا ساڵی 2015.

پێویستی بیناسازی لە ڕابووردودا ئەبێت زۆر بە ووردی لەگەڵ پێویستی بیناسازی لە داهاتوودا بەراوورد بکرێت، چوونکە لە ڕابووردودا نەتەوە یەکگرتووەکان حەصاری ئابووری یان خستبووە سەر عێراق و حەصاری ئابووریش بووبوە هۆی دواکەوتنی گەشەسەندنی بواری بیناسازی لە سەرجەم ناوچەکانی وولات دا.
لەگەڵ ئەوەشدا تیشک ئەخرێتە سەر قەبارەی بینای پێویست لە باکووری عێراق دا و بە زیاتر مەزەندە ئەکرێت، ئەگەر ئەو پرۆژانەش کە پێویستن بۆ باکووری عێراق لە ڕووی بیناسازییەوە لە داهاتوودا، جێبەجێ بکرێن.

بەم پێیە، ئەگەر باری ئابووری وولات تا ساڵی 2015 ئەوەندە گەشە بکات، کە هەموو چاوەڕوانکارییەکان لە بواری بیناسازیدا بهێنێتە دی، باکووری عێراق پێویستی بە **29,13 Mrd. US $ = 28,56 Mrd. US $ + 2%** هەیە کە ئەکاتە **2,427 Mrd. US $** بۆ هەر ساڵێک.
لەم خشتەیەی خوارەوەدا پێویستی بیناسازی هەر دووبەشەکەی بیناسازی لە Preservation and Extension Need لە باکووری عێراقدا نیشان ئەدرێت کە تا ساڵی 2015 بەهاکەی ئەگاتە 29,13 Mrd. US $:

| Sectors | Preservation Need In US Mio. Dollar | % | Extension Need In US Mio. Dollar | % | Sum of Need In US Mio. Dollar | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Invironment | 436,96 | 3 | 436,96 | 3 | 873,90 | 3,00 |
| Transportation | 2912,91 | 20 | 2621,79 | 18 | 5534,70 | 19,0 |
| Commerce | 2913,06 | 20 | 3204,24 | 22 | 6117,30 | 21,0 |
| **Resident** | 3641,23 | 25 | **4660,77** | **32** | 8301,05 | 28,0 |
| Energy | 2184,84 | 15 | 1165,11 | 8 | 3349,95 | 11,5 |
| Watersupply | 873,94 | 6 | 436,91 | 3 | 1310,85 | 4,50 |
| Communication | 436,97 | 3 | 728,25 | 5 | 1162,20 | 4,00 |
| Social/Cultural Structure | 873,83 | 6 | 1019,62 | 7 | 1893,45 | 6,50 |
| Others | 291,30 | 2 | 291,30 | 2 | 582,60 | 2,00 |

Saiwani

لە نەخشەکەدا دەرئەکەوێت، کە ڕێژەی پێویست بۆ سێکتەری نیشتەجێبوون بە **32%** زیاترین ڕێژەی پێویستییە لە بواری بیناسازیدا. هۆکارەکانیشی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ژمارەی دانیشتوانی باکووری عێراق بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و کۆچ کردن لە لادێوە بۆ شار بەردەوام بووە و دێکان ڕووخێنراون. لە لایەکی تریشەوە گوندنشینەکان پێویستیان بە خانووی نیشتەجێبوون هەیە لەکاتی گەڕانەوەیان دا بۆ دێکانیان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە ساڵانی نەوەدەکانەوە سیاسەتی خانوودرووستکردن لە باکووری عێراق زۆر بە سستی بەڕێوە چووە.

لە بەشەکانی تری خزمەتگووزاری دا بێجگە لە
Transportation, Economy Commerce لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستییەکی کەم بەدی ئەکرێت لە بواری بینای نوێدا واتە (Extension Need)، بەڵام بینا درووستکراوەکان ئەبێت بەجۆرێک نۆژەن بکرێنەوە، کە بۆ کاتێکی دووروودرێژ ڕاگربن.
بۆ ئەم بەشانەش 20% دا تەرخان کراوە وەک (Preservation Need).

بەشە خزمەتگووزارییەکانی تری وەک
Invironment, Energy, Water Supply, Communication, Social/Culture Structure کە لە لایەن حکومەت خۆیەوە بودجەیان بۆ دابین ئەکرێت، بیناکانیان پێویستیان زیاتر بە نۆژەن کردنەوە هەیە وەک لە درووستکردنی بینای نوێ بۆیان.

لە داهاتوودا تا ساڵی 2015 پێویستی Extension Need لە بەشە خزمەتگووزارییەکانی وەک
Residential, Ecomomy and Transportation ئەگاتە لە 72% کە زیاتر خۆی لە بواری درووستکردنی بینای نیشتەجێبوون دا ئەبینێتەوە کە هاوولاتی خۆی بەرپرسیاری ڕاستەوخۆ ئەبێت لێی، و لە بواری درووستکردنی ڕێگاوبان دا ئەبینێتەوە کە حکومەت خۆی ڕاستەوخۆ لێپرسیار ئەبێت بەرامبەری.

ژمارەکان زیاتر لای هەندێ لە دەزها حکومییەکانی کوردوستان وەرگیراون و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیش بۆیان بە هەند وەرگیراوە. هەڵی ڕاستکردنەوەی ژمارەکان لە لایەن نووسەری باسەکەوە نەدراوە.
پێویستی بەشە خزمەتگووزارییەکان بە ژمارەلە شوێنی خۆیدا ڕوونکراوەتەوە.

Saiwani